# پیاسە بەنێو باخی فەلسەفەدا

**ئامادەکردنی** وەلید عومەر

**ئەم فایلە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خوێندنەوەی فەلسەفە دەسپێکێکی بەڵێن لەسەر دراوی نیە. لە هەر کوێوە دەستبکەیت بە خوێندنەوەی فەلسەفە، ئەوە خۆی دەبێتە دەسپێک. هۆیەکەش ئەوەیە فەلسەفە بەر لە هەر شت پرسێکی شەخسییە، سوبێکتیڤ و خودیی‌یە. شتێکیش کە خودی بوو، ناکرێت یەک ڕێسای بۆ دانێیت و بەسەر هەمواندا بیسەپێنیت. لانیکەم لەسەرەتاوە ئەم مافە، خۆتە و کەسێک ناتوانێت ئەم پنتە داگیربکات. ڕەنگە تۆ لە خەمێکی شەخسییەوە، یان پرسیارێکی زاتییەوە، یاخود شێتییەکی تایبەتەوە دەستبدەیتە فەلسەفە و لەسەری بەردەوام بیت، بۆیە ئەم ئەزموونەی تۆ هی خۆتە و لێرەشەوە خاڵی دەسپێک دیسان هەر هی خۆتە. گەر لە هەنگاوەکانی دواتردا،**

ڕێسای هاوبەش و گشتی هەبێت بۆ قووڵبوونەوە لە فەلسەفەدا، شتێکی ئاساییە. بەڵام ئەو ڕێسایانەش دیسان دوا ڕێسا نین. لەبەر ئەوەی فەلسەفە لەبنەڕەتدا زانیاری و مەعلومات نیە، بەڵکو دەرگیربوونە، پیاچوونەوەیە بە زانیارییە باوەکانی ئێستا و ڕابردووشدا. فەلسەفە هەروا بەسادەیی بریتی نیە لە فێربوون، بەڵکو ئەزموونکردنە، پێدا ڕۆیشتنە. فێربوون ئەو وێنەیە بە زەیندا دێنێتەوە کە فەلسەفە دەکەیت بە فاکت و ئۆبێکت و دەبێت وەک ئەرکێک لە کۆڵی بکەیتەوە. بەڵام فەلسەفە شتێکی لە فێربوونیش زیاترە، شتێک کە دەتوانین ناوی بنێین «فێربوون لەپێناوی هەموو شت و هیچ شتیشدا». ڕەنگە لەلاوە ئەرکی بۆ درووست ببێت، لە دۆخە جوزئی و بەشەکییەکاندا فرمانێکی ئەخلاقی یان سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتد پیادەبکات بەڵام فەلسەفە خۆی لە **گشت**دا ناوەستێت. فەلسەفە زانیاری نیە، فێربوون نیە، ئامرازیش نیە: فەلسەفە نەفیکردنەوەی ئەمانەیە لە مانا باوەکانیدا. فەلسەفە لە نەفیکردنەوەی بەردەوامی خۆیدایە، بوونی بێشومار پرسیار و وەڵام بەتەنیشت یەکترەوە خۆی بەڵگەی ئەمەیە. ڕەنگە مەرگی سوقراتیش هەر لەسەرەتاوە، سەرەڕای تەفسیرە جیاجیاکان، گوزارشت بێت لەوەی کە نەیویستووە فەلسەفە لە پنتێکدا قەتیسبکات و لێرەشەوە لە ڕۆژی داداگاییکردنەکەیدا بەرگری لە خۆی ناکات و باوەش بۆ مەرگ دەکاتەوە. **مەرگ** ناوێکە بۆ دەسپێک و کۆتاییش لە هەرکوێوە کە بتەوێت. ئەفلاتونیش کە لە دایالۆگی فایدۆندا فەلسەفە بە تەمرین و مەشقی مردن دەزانێت ئەو ڕاڤەیە هەڵدەگرێت کە فەلسەفە هیچی ناوێت جگە لە قوتدانی خۆی. بەڵام تا بڕۆینە

پێشێ، پرسیاری چۆن فەلسەفە بخوێنمەوە، دەبێتە ڕەچەتەیەکی زانستی و ویکیپیدیایی نەک زاتی و موعجیزەئاسا کە شتێک لە تۆدا بشکێنێت و بەو شکاوییە وزەبەخشەوە بەردەوام بیت.

باشترە خەمە شەخسییەکانت بکەیتە پرسی فیکری و فەلسەفی و بەدوایاندا بچیت. ئیتر ئەوەی بەپێی کات دەستت دەکەوێت وەڵام نیە بەتەنیا، بەڵکو پرسیاری تر و کرانەوەی دەروازەی تریشە. پاشانیش پرسە شەخسییەکەت ڕەهەندی فیکری و فەلسەفی وەردەگرێت و بۆنمونە لە گرفتێکی دەروونی دەردەچێت. لێرەشەوە ئەو قسە عەوامانەیە تێدەپەڕێنیت کە دەوترێت فەلسەفە **قسەی زل**ە، بەڵکو فەلسەفە دەبێتە قسەی بچوک و شەخسی و پەیوەست بە خودی خۆیشتەوە. هەر ئەمەش دیوە زیندوو و چالاکەکەی فیکر و فەلسەفەیە، گەرنا ڕوانین لە فەلسەفە وەک کۆکردنەوەی کۆمەڵێک زانیاریی مردوو هیچت لا جێناهێڵێت و کەسایەتییشت ناخاتە ژێر کاریگەرییەوە. واتە سوبێکتیڤیتە(subjectivity)ت بە دەستلێنەدراوی دەهێڵێتەوە. هەروەها چۆن لە شتە شەخسییەکانی تردا، دڵۆپدڵۆپ شت کۆدەکەیتەوە، دەشێت لە فەلسەفەشدا بەو جۆرە بیت: دڵۆپدڵۆپ وەڵام بۆ پرسیارەکانت دەدۆزیتەوە یان **درووستدەکەیت**. ئەمەی دووەمیان ڕەنگە گرنگتر بێت: بە دەرگیربوون لەگەڵ فیکر و فەلسەفەدا وەڵام درووستیش دەکرێت، ئەو فەزا تیۆرییەی ناو سەری تۆ یاریدەدەر دەبێت لەوەی کۆمەڵێک ڕەگەز یەکبگرن و بەپێی فەزای شەخسی تۆ ڕۆڵی وەڵام بگێڕن. بەڵام وەڵامەکانیش بەرواری بەسەرچوونیان هەیە و دەبێت

نویٚ ببنەوە. لێرەدا لەجیاتیی مێژووی فەلسەفە، تۆ لە مێژووی شەخسیی خۆتەوە دەرگیری فەلسەفە دەبیت. بۆنمونە دەتەوێت بزانیت بوونی تۆ چەندە سەربەست و ئازادە؟ تا ئێستا هەموو ئیمکانەکانی خۆتت بەکارهێناوە لەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژیت؟ ڕەنگە پرسیاری لەم جۆرە وات لێ بکات بەدوای کتێبدا بگەڕێیت و بەر ئەم کتێبەی محەمەد کەمال بکەویت (کە لە وێنەکەدا هاتووە). ئیتر لەم کتێبەوە بۆ کتێبێکی تر و لەوێشەوە بۆ دانەیەکی تر دەپەڕیتەوە. زنجیرەبوونەکە خۆی دەبێتە بەرنامەی خوێندنەوە، تەنانەت گەر زۆرجار ئەم پرسیارەش یەخەت بگرێت: فریای هیچ ناکەوم وزۆر بە شپرزەیی دەخوێنمەوە. خودئاگایی دەرهەق بەوەی کە شپرزەیت، جۆرێکە لە گەشە.

## ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی
## و بوونی مرۆڤ

نووسینی

د. محەمەد کەمال

2007

مەبەست لە **فیکریش** فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان تێکڕا دەگرێتەوە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و دەروونشیکارییەوە تا نیشانەناسی و ئەدەبیات و تیۆری ئەدەبی و مێژوو و هتد. کە وترا فیکر ئیدی بەشێوەیەکی شاراوە فەلسەفەشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. هەر دەقێکی فەلسەفی و هەر شەرحێکی فەلسەفی، قابیلی چەندجار خوێندنەوەیە. هۆیەکەش ڕوونە: هەم تۆ لە گەشەدایت و هەم دەقیش بێشومار ئەگەری لێکدانەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بۆیە لە خوێندنەوەی فەلسەفەدا، تەنیا بڕی خوێندنەوە و چەندێتی گرنگ نیە؛ چڕبوونەوە و چۆنیەتیش گرنگە. ئەمە زۆر کێشە نابێت و خوێنەر بە سرووشتی خۆی لە چەندایەتییەوە بەر چۆنایەتییش دەکەوێت. تا زۆرتر بخوێنێتەوە، هەست بە گەشەیەکی ناوەکی دەکات. لە فەلسەفەدا گەشە هەیە نەک گەیشتنی تەواوەتی. فەلسەفە یەک زانست نیە کەسێک پرەنسیپەکانی دارڕشتبێت فێری ببیت و بۆ خۆت دانیشیت، بەڵکو چالاکییەکی مرۆیی تاڕادەیەک دەستەجەمعییە و پڕە لە ئاراستە و بەریانی جیاواز و ناکۆکی و قۆناغ و دابڕان و پیاچوونەوە و ئیزافە و پاشەکشە و دەیان خەسڵەتی تر. بۆیە لە هەرچییەوە دەست پێ بکرێت هەر ناگاتە کۆتایی. ڕەنگە مێژووی فەلسەفەی **ڕۆتلێج** بۆ تۆ سەرەتا بێت و ڕەنگیشە پاش ساڵ و دووساڵ و سێ ساڵ بچیتە سەری بیخوێنیتەوە. یان ڕەنگە گوڵبژێرێک لە کتێبی جیاجیا بتوانێت وێنەیەکی فەلسەفە بۆ تۆ بنێت بەیەکەوە و جۆشوخرۆشی زیاتریشت پێ بدات. بۆیە **سەرەتا** بەم مانایە، جیایە لەو **سەرەتایەی** کە لە پرۆگرامی خوێندندا هەیە. زۆرجار خوێندن بۆیە جۆشوخرۆشی

تیا نامێنێت چونکە دەزگای قوتابخانە **زانینی** گۆڕیوە بۆ بەرپرسیارێتییەکی وشک و ماندووکەر. کە بڕیارتدا فەلسەفە بخوێنیتەوە، دەبێت بێوچان بەدوای کتێب و سەچاوەدا بگەڕێیت. گەڕانەکە خۆی بەشێکە لە پرۆسەی خوێندنەوەکە. دۆزینەوەی کتێبی نوێ و بابەتی نوێ، کاردەکاتە سەر ناوەڕۆکی زانینەکەشت. هەتا بکرێت کتێبی کاغەز بەردەست بێت باشترە و مانای دەرگیربوون لەگەڵ فیکر و فەلسەفەدا تۆختردەکاتەوە و بەتەنیا دەتبەستێت بە یەک ئۆبێکتەوە کە کتێبەکەیە. **پدف**، بەشێکی ئەو ئەزموونی شەخسییە لەباردەبات و دەتبەستیت بە ئامێرێکەوە کە هەزاران کەسی تر بەشێوەی نوستوو لەوێدان و سافی و خاڵسیی ئەزموونەکە لەکەدار دەکەن. قبوڵکردنی ڕێوڕەسمی فەلسەفە، قبوڵکردنی ئەو ڕاستییەشە کە لە هەر بەرکەوتنێکت بە بازاڕ کتێبێک یان نامیلکەیەک یان شتێکی تر بکڕیت.

ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە وتاردانێکی درێژتری ڕۆشنبیری ئێرانی «موراد فەرهادپوور» کە کاتی خۆی تایبەت بوو بە پەیوەندیی نێوان مۆدێرنە و فەلسەفە بەڵام تەنیا ئەم بەشەیمان وەرگرت بەو مەبەستەی سودێکی ڕاستەوخۆ بەم باسەی ئێرە بگەیەنێت.

❊❊❊

...ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ دەبێت بۆ دەسپێکی فەلسەفە چی بکەم و چی بخوێنمەوە، بەشێکە لە پرسیارێکی گشتیتر لەژێر ناونیشانی «فەلسەفە چیە»دا.

پێناسە سادە و زۆر گشتییەکەی فەلسەفە-ڕاستییەکەی گەر بمانەوێت پێناسەیەکی بۆ داتاشین- بریتییە لە تێڕامانێکی ڕەخنەیی دەربارەی هەمووکەس و هەمووشت، جۆرێک لە فزوولی و کونجکۆڵی و جۆرێک لە گەمە کە گەمەیەکی جدییە و هەر لەبەر ئەمەش لە هەندێ کۆمەڵگای تایبەتدا ڕوودەدات. دەبێت کۆمەڵگایەکت هەبێت کە تاکایەتی (فەردانیەت)، کونجکۆڵی، و لانیکەمی فەزایەکی ئازادی تیا بێت بۆ گەڕانی فزوولانە. ئەمەش لە جێیەکدا ڕوودەدات کە وایدانێ بۆنمونە کەسێک حەزدەکات بزانێت فلان مێروو چۆنچۆنی جووتدەبێت. دەبێت کۆمەڵگایەکت هەبێت زەمالەی خوێندن بداتە ئەم کەسە و بڕوات بۆ ئەفریقا و شەش ساڵ لەسەر یەک جۆر مێرووله توێژینەوە بکات. دەبێت عەقڵیەتێکی لەم جۆرە و ئیمکاناتێکی لەم جۆرە بڕەخسێنیت. واتە هەر ئەو کارەی کە خۆرئاواییەکان دەیکەن. فزوولی و ڕامانی ڕەخنەیی لە فۆرمە فەلسەفییەکەشیدا هەر لە هەناوی ئەم نیگایەوە دێتەدەرەوە. فەلسەفە فۆرمێکی تایبەتی ئەم فزوولییەیە، و هەڵبەت ئەم فزوولی و ڕامانە ڕەخنەییەش دەربارەی هەموو شت فەلسەفە خۆیشی دەگرێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، ئەو پرسیارەی کە «فەلسەفە چیە؟»، تەنیا لە هەناوی فەلسەفە خۆیەوە وەڵام وەردەگرێتەوە. ناکرێت لە دەرەوەوە بوەستیت و بڵێیت «فەلسەفە چیە؟». یەکێک لە کارەکانی فەلسەفە ئەوەیە بڵێت: «فەلسەفە چیە؟»، بۆیە ناتوانیت وەڵامی ئەم پرسیارەی کە «فەلسەفە چیە؟» لە سایتێکی ئەنتەرنێتدا یان بەهۆی ئیلهامەوە بدۆزیتەوە. ئەم مەسەلەیە لەو ڕەخنەیە دەچێت کە هیگڵ لە ئەپستمۆلۆژیای کانت هەیبوو. یەکێک

له سەرەکییترین بنەماکانی فەلسەفەی کانت، بەتایبەت لە ڕەخنەی یەکەمیاندا، پرسیارە لەوەی کە هەلومەرجە پێشینییەکانی زانینی بابەتی چیە؟ [واتە مەرجە پێشئەزموونییەکانی ئەو زانینەی کە دەرەکی و ئۆبێکتیڤە چین؟]. دەبێت چ هەلومەرجێک هەبێت کە مەعریفەی زانستی واتە هەمان زانست ڕاست بێت (کە لە دیدی کانتەوە زانست دەکاتە فیزیای نیوتن)؟ بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ئەوا دەبێت لەگەڵ ئامرازی مەعریفەدا بڕۆینە پێشەوە و بزانین مەعریفەی بابەتی و ئۆبێکتیڤ چیە و هەلومەرجەکەشی چیە؟ بە دەربڕینێکی تر، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ***فۆرماڵە***-کە دیوە فۆرماڵەکەشی هێجگار گرنگە-، دەبێت پێشوەخت و بگرە پێش تەرحکردنی پرسیارەکەش تۆ وەڵامت هەبێت [هەر ئەمەشە مانای فۆرماڵ کە فۆرم پێش ناوەڕۆک دەخەیت و ناوەڕۆک و ئەزموون و چرکەساتە زیندووەکان نادیدە دەگریت]. لە خودی زاراوەی ئەپستمۆلۆژیا (زانینزانی)یشدا ئەم دوالیزمە گاڵتەجاڕە دەبینیت، چونکە گەر بێتو مەعریفەش بگۆڕیت بۆ ناسین ئەوا دەبێتە ناسینناسی.

کەمێکی تر بڕۆیتە پێشێ، دەبێتە ناسینەوەناسی و شتەکە جۆرێک لە حاڵەتی بێکێتی دەگرێتەخۆی. بۆیە فەلسەفە هەڵقەیەکە، هیگڵ نمونەیەکی باش دەربارەی ئەم گرفتەی فەلسەفەی کانت دێنێتەوە. ئەو دەڵێت قسەکەی کانت وەک ئەوە وایە پێت بڵێت: **بەر لەوەی خۆت هەڵدەیتە ئاوەکەوە، فێری مەلە بە.** واتە لە لێواری حەوزەکەدا بوەستە و منیش بەم ڕێسا فۆرماڵانەی خۆمەوە پێتان دەڵێم مەلەکردن چۆنچۆنییە. خۆیشتان دەزانن کەس نەیتوانیوە بە هۆی خوێندنەوەی

کەتەلۆگێکەوە لە تەنیشت حەوزەکەوە، بەبێ ئەوەی تەڕ ببێت و پێ بخاتە ئاوەکەوە، فێری مەلەکردن ببێت. تاکە ڕێگەی فێربوونی مەلەکردن ئەوەیە خۆتان هەڵدەنە ئاوەکەوە، و ئەوە لەناو ئاوەکەدایە کە ئێوە ئاراستەی باشتربوون بگرنەبەر و ڕێساکانیش لە خۆتاندا ناوەکی بکەنەوە [و وەک ناوەڕۆک وەریگرن]. لە دەرەوەی ئاوەکەوە ئەم ڕێسایانە مانایان نیە، واتە ڕێساکان لەو دەمەدا ماناوەردەگرن کە ئێوە بەکاریاندەهێنن، بۆیە فێرکردنی فۆرماڵ و کتێبێکی مەلەکردن لە دەرەوەی حەوزەکەوە شتێکی مەحاڵە. دەبێت خۆتان فڕێدەنە ئاوەکەوە و هێدیهێدی فێری مەلەکردن ببن، دەکرێت مامۆستاشتان هەبێت، بەڵام نەک لە دەرەوەی حەوزەکەوە بەڵکو لەناویەوە دەتوانێت فێری ڕێساکانتان بکات. هەڵبەت دەشتوانین بڵێین کە جۆرەها زەرک و خۆفڕێدان هەیە بۆ ناو ئاوەکە. ئەمە نمونەیەکی باشە و کۆمەڵێک ڕەهەندیشی هەیە، بەتایبەت بەراوردی مەلەکردن لەگەڵ فەلسەفەدا کێشەکە ڕووندەکاتەوە. لە هەر جێیەکەوە بتەوێت دەتوانیت خۆت هەڵدەیتە ئاوەکەوە. ئەوەیان پەیوەندیی بە خۆتەوە هەیە: لە حەوزی ماڵانەوە بێت یان مەلەوانگەی گشتی یاخود لە ڕووبەرێکی تەنکدا، یان بۆنمونە وەکو مناڵانی بەندەرعەباس دەکرێت خۆت هەڵدەیتە کەنداوەوە، یان تەنانەت بۆ یەکەمجاریش خۆت فڕێبدەیتە ئۆقیانووسی ئەتڵەسەوە. هیچکەس نەیوتووە ئیلا و بیلا هەر دەبێت لە حەزی ماڵی خۆتانەوە دەست پێ بکەیت. ئێوە دەتوانن فێربوونی مەلە لە ئۆقیانووسەوە فێربن. دیارە زۆرکەس دەترسن یان لەبەر هەر هۆیەکی تر، لە مەلەوانگە و شوێنێکی تەنکترەوە دەستپێدەکەن؛ بەڵام

ئەمە بەشیکی زاتی نیە لە فێربوونی مەلەکردنەکە خۆی، بەشێک نیە لە ماهیەتەکەی. بۆیە سەبارەت بە فێربوونی فەلسەفە لە ئێراندا دەتوانین بڵێین بۆنمونە بڕۆن تاقیکردنەوەی کۆنکۆر بکەن و بڕۆنە زانکۆ فەلسەفە بخوێنن، یان بۆنمونە کتێبی «مێژووی فەلسەفە»ـی کۆپیلستۆن بخوێننەوە، یان چوزانم وەرنە کۆرسەکانی منەوە و هتد. هیچکام لەم پێشنیارانە فەزڵێکی بەسەر ئەویتریاندا نیە. بۆیە گەر کەسێک بپرسێت ڕێگای داخڵبوون بە فەلسەفە چ ڕێگایەکە، من خۆم دەڵێم **هیچ ڕێگایەکی دیاریکراو بوونی نیە**: هەندێ کەس لە مەلەوانگەیەکەوە و هەندێکی تریش لەناو ئۆقیانوسێکەوە و ئێوەش دەتوانن بە خوێندنەوەی «بوون و کات»ـی هایدگەر دەست پێ بکەن. تەنانەت کتێبێک لەبارەی فەیلەسوفانیشەوە مەخوێننەوە، کانتیش هەر مەخوێننەوە، ئەفلاتوون و کۆپیلستۆنیش هەر مەخوێننەوە و بە هایدگەر دەست پێ بکەن. شتەکە پەیوەندیی بە بوێریی خۆتانەوە هەیە. لەبارەی [خۆرهەڵات] و ئێرانەوە، دەتوانن بڕۆن لە زانکۆوە دەست پێ بکەن کە هەڵبەت هاوتای مەسبەح یان حەوزی ناو نمونەکانمانە. بەڵام ئەو کەموکورتییەی هەیە کە ئەم جارەیان مەلەوانگەکان ئاویان تیا نیە. گەر ئاویان تیا بووایە، دەموت بڕۆنە زانکۆ، بەڵام مادام لێرە مەلەوانگەکان خاڵیین ئەوا ئەمەیان پێشنیارناکەم...

لە مەسبەح و مەلەوانگەدا شتەکە بەم جۆرە نیە، ئێوە لە مەسبەحدا هیچکاتێ ڕاستەوخۆ لە خاڵی **ئەلف**ەوە ناڕۆیت بۆ **بێ** چونکە لە خاڵێکی جێگیردا نەوەستاویت–چونکە بەردەوام قاچ و باڵ لێدەدەیت– و لە خاڵی **بێ**یشدا ئێوە

جێگیر نین، بەڵکو بەهۆی تێکەڵەیەک لە زیگزاگ و بەملا و بەولادا ڕۆیشتنەوە بە ئاراستەی خاڵی **بێ**دا دەچیتەپێش، لە فەلسەفەشدا هەر بەم جۆرەیە و چاوەڕێی ئەوە مەبن لە جووڵەی ناو یاریی سنۆکەر بچێت. دووەم، بەسەر تەختەمێزی سنۆکەرەوە تۆپەکان لە یەکتر جیان، لە تۆپێک دەدەیت بەڵام تۆپەکانی تر لە جێی خۆیانن، ئێوە لە تۆپی ڕەش دەدەن، جەرگی و شین لە جێی خۆیانن، بەڵام لەناو ئاودا شتەکە بەو جۆرە نیە. جووڵەی کەسێک فەزاکە دەبزوێنێت، تۆش کە کەوتوویتەتە لاتەنیشتیەوە، بەهۆی ئەو شەپۆلەوە دەجووڵێیت کە ئەو دروستیدەکات. بۆیە گەر کەسێک خەریکە فەلسەفە دەخوێنێتەوە و ئەم فەلسەفەیەش لە فەزایەکی بەکۆمەڵدا، لە پۆلدا، لەگەڵ هاوڕێیەک بێت و هەتا لە تەنیاییشدا بێت فەرق ناکات. تەنیا خوێندنەوەی فەلسەفە و بیرکردنەوە لێی، کۆمەڵێک شەپۆل درووستدەکات کە ئەم شەپۆلانەش ئەوانیتر دەجووڵێنن. بۆیە ئێوە لە یەکتر جیا نین. ئەگەر فەلسەفە دەخوێننەوە، ئەوا پەرپویتەتەوە بۆ میدیۆمێک و فەزایەک کە جووڵەکەی ئێوە کاریگەری دەخاتە سەر جووڵەی ئەوانیتر و جووڵەی ئەوانیتریش بۆ سەر ئێوە و لە هەمووشی گرنگتر کاریگەری دەخاتە سەر خودی فەزاکە. جوانیی فەلسەفەش هەر لێرەدایە. بۆنمونە ئێستا من خۆم هەڵدەمە نێو مەسبەحێکەوە، ئەوپەڕەکەی دەفرێک ئاوی مەسبەحەکە دەرپەڕێتە دەرەوە. لە دەریا و ئۆقیانووسدا ڕوونە کە هیچ ڕوونادات، واتە من نامەوێت بە خوێندنەوەی **بوون و کات**ی هایدگەر گۆڕانێکی سەیروسەمەرە دروستبکەم، بەڵام هەمان ئەو دوو شەپۆلە کورتەی کە دەیانخەمەگەڕ، جەزابیەت

و خەلاقیەتی فەلسەفەیە، واتە  فەزا و پانتاییەکە کە هەرکە تێیچوویت خودی پانتاییەکەش بگۆڕێت و هەندێک تەوژم و شەپۆل درووستکەیت. خاڵێکی تری گرنگ، بەتایبەت دەربارەی پێشنیاری خوێندنەوەی کتێبی «ڕەخنە لە عەقڵی پەتی»ـی کانت یان «فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح»ـی هیگڵ-بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە زۆرینە لەم کتێبانە دەترسن و دەڵێن بۆچی ئەم کتێبانە بخوێنینەوە و چوزانم کتێبی سادەترمان پێ بناسێنن- ئەوەیە کە **ئەو چڕییەی لە مەلەکردندا ڕووبەڕووی دەبیتەوە، ئەو شتەی پێیدا ڕۆدەچیت و کاتێکیش مەلەکردن نازانیت و دەچیتە ژێر ئاوەکەوە و دووسێ قومیش دەخۆیتەوە و سەرەنجام بڕێک پەلەقاژە دەکەیت و دێیتەوە سەرەوە و بەکورتییەکەی: ئەو چڕییەی کە دەبێتەهۆی ئەوەی بڕۆیتە ناو ئاوەکەوە و هەناسەتان سوار دەکات و تەنانەت ڕەنگە ببێتەهۆی خنکانیشتان، ئەوەی کە مایەی ترسەکەتانە هەر ئەوەشە کە مایەی جووڵاندنتانە.** سەیرکەن لە دەرەوەی ئاوەوە چەندە دەستمان بهاوین، ناجووڵێین بۆ پێشەوە چونکە لێخشان و چڕی بوونی نیە، ناخنکێین و مادام چڕی بوونی نیە ئەوا جووڵەش بوونی نیە لەگەڵی بڕۆین. ئەو شتەی دەبێتەهۆی خنکانی من، واتە فاکتەرە ترسناکەکە، بەشێوەیەکی ژێرەوانکێ هەر ئەو فاکتەرەیە کە مۆڵەتی جووڵان و کەوتنەڕێم پێ دەدات. بەبێ چڕیی ئاو، مەلەکردن مومکین نیە و مەلەکردنیش جووڵەیەکی فرەئاراستەیە، بەپێچەوانەی هەوا و فەزاوە کە چیدی ناتوانیت سەر و خوار بکەیت. تۆ دەتوانیت لە مەلەوانگەیەکدا بە جۆرەها ئاراستەدا بجووڵێیت و ئەم ئیمکانە لە فەلسەفەشدا هەر هەیە. چڕیی کتێبەکەی کانت یان هیگڵ دەشێت

بتانترسێنێت–من ناڵێم با هەموان لە ئۆقیانوسەوە دەست پێ بکەن– بەڵام گەر کاری وا بکەن ئەوا ئەو شتەی دەتانترسێنێت و قورسە بۆتان هەر ئەو شتەشە کە دەبێتە ئامرازی جووڵان و جێگۆڕکێتان. چونکە زەرگکوتان بۆ ناو ئەو مەسبەحانەی کە نیوەیان ئاوە، یان مەسبەحە تەنکەکان، ڕەنگە سەلامەت بێتە بەرچاو، بەڵام مەلەیەکی ئەوتۆش فێرنابیت. بۆ فێربوونی مەلە، دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێگە بۆ مەترسیی نقومبوونیش بکەیتەوە. [ئەم مەترسییە لە خوێندنەوەی فەلسەفەدا دەکاتە دەرگیربوون لەگەڵ دەقە فەلسەفییە ئاڵۆزەکاندا کە زۆرجار تێنەگەیشتن و نائومێدبوون لێی حوکمی مردن و دەستکێشانەوەی هەیە لە فەلسەفە– بەڵام هاوکات ئەم پنتی تێپەڕاندنە نەک گەڕانەوە بەو مەرجەی ڕێساکانی ***یارییەکە*** قبوڵبکەیت]. بۆیە ئەو ترس و سەرلێشێوانە سەرەتاییە، زەمینەی جووڵە و بەرەوپێشچوونە. نمونەی دواتر، لە ئیدیۆم یان دەربڕینێکی ئێرانییەوە وەرمگرتووە، «لە باخدا بوون»: کاتێک دەڵێین «فڵان کەس لە باخدا نیە»، ئەوا لە بواری جیاجیادا ئەم دەربڕینەتان بەکارهێناوە [کە واتە ئاگای لە مەسەلەکە نیە و نەهاتوەتە ناوەوە]. دەربڕینی «لە باخدا بوون»، دەبەستمەوە بە پرسیارێکی وەک «لەکوێوە دەست بە فەلسەفە بکەم و چی بخوێنمەوە؟»، چونکە گەر ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی من بکەیتەوە ئەوا مانا ڕاستەقینەکەی ئەوە نیە بگەیتە شتێک بەناوی فەلسەفەوە، یان تەنانەت ئەوەش نیە بۆنمونە دکتۆرایەکی فەلسەفە بەدەستبهێنیت.

کێشەکە ڕێک ئەوەیە دەچیتە ناو باخی فەلسەفەوە. لەخۆڕاش نیە کە خاڵی دەسپێکی فەلسەفە لە یۆناندا، باخێک بووە، چونکە پەیوەندییەک هەیە لەنێوان فەلسەفە و باخدا. باخی فەلسەفە دەرگا و دەرووی نیە و هیچ شێوازێکی تایبەتییشمان نیە بۆ داخڵبوون بە فەلسەفە. بەجۆرێک دەتوانین بڵێین «لە باخدا بوون»، وەک فێربوونی زمان وایە. پرۆسەکە پرۆسەیەکی زەمەنییە. با وای دانێین دەچیت بۆ فەڕەنسا بۆ ئەوەی فێری فەڕەنسی بیت، لەو دەمەوە کە داخڵدەبیت، هیچ لە زمانی فەڕەنسی نازانیت. تا ئەوەی وردەوردە —بۆنمونە پاش پێنج شەش مانگ- ڕۆژێک هەستدەکەیت کەوتوویتەتە سووچێکی ئەم باخەوە کە دەکاتە فەزای زمانی فەڕەنسی. بەڵام گەر لێتان بپرسن لەکوێوە چوویتە ناو ئەو باخەوە، ناتوانیت بڵێیت فڵانە ڕۆژ لە دەرەوەی باخی زمانی فەڕەنسییەوە چوومەناو باخی زمانەکەوە، چونکە لەم شەش مانگەدا هێور هێور خۆت خزاندوەتە نێو باخەکەوە. بۆ چوونەناو فەلسەفەش، شتەکە بە هەمان شێوەیە. مانای «لە باخدا بوون»، لەڕاستییدا ئێوەش وەک هەرکەسێک کە لە باخدایە، نزیکەی ٥٠ بۆ ٦٠ مەتری دەوروبەرتان باش دەبینن و بە مانا پسپۆڕییەکەشی ئەمە دەکاتە *نەریتی فەلسەفی* کە پێیەوە پەیوەستن: یەکێک کانتیـیە، یەکێکی تر فرانکفۆرتیـیە، و یەکێکی تریش پەیوەستە بە فەلسەفەی شیکارییەوە، کەمتازۆر ئاشنای ئەو بازنەیەیە. وێڕای ئەوەش، مادام لە باخدایە، ئەوا وەک هەرکەسێکی تری ناو باخ، دەزانێت چۆن لە پنتێکەوە بەرەو پنتێکی تر بڕوات. ڕەنگە دیوێکی باخەکە بۆ من تاریک بێت و هیچ ئاگایەکم لێی نەبێت، بەڵام مادام لەناو باخەکەدام ئەوا دەتوانم

به کەمێک تەقەلاوە خۆم بگەیەنمە ئەو لایەی تریشی. بۆیە دەتوانم لە نەریتێکی فەلسەفییەوە بەرەو نەریتێکی تر نزیک ببمەوە و هۆگری ببم. هەڵبەت ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نایەت کۆی باغەکە تێدەگەم و شارەزام، هیچکاتێ ناتوانم هەموو باخەکە تێبگەم. هیچ خاڵێکی بڵندنشین و ترانسێندێنتاڵ بوونی نیە، و لەبنەڕەتییشەوە ئەو ئیمکانە بۆ مرۆڤ ناڕەخسێت سواری هەلیکۆپتەرێک ببێت و لە سەرەوە سەیری باخەکە بکات. خودی هەلیکۆپتەرەکەش لەناو باخەکەدایە و ناونشینە. بۆیە هەرگیز سەرتاپای باخەکە تێناگەیت و ئەمەش ڕێک بەو مانایەیە کە فەلسەفە لە هەناوی خۆیدا پێناسەدەکرێت. بە زمانێکی سادە بیڵێین، گەر بمانەوێت ئەم بابەتە بەراوردبکەین بە دۆخی فەلسەفە لە خۆرئاوا، ئەوا شتەکە بەو جۆرەیە کە لە خۆرئاوا فەزای جیاجیا هەیە، سەردەکەیت بە کۆلێژێکدا و سەیردەکەیت فەلسەفەی شیکاری هەر مانای نیە تێیدا و پێی پێدەکەنن، دەڕۆیتە جێیەکی تر و گەر باسی دۆڵۆز و بۆدریار و هتد بکەیت پێت دەڵێن ئەمانە کلاوچی و قۆڵبڕن بۆیە دانیشە و لۆژیک بخوێنە، کارناپ و کواین بخوێنە. نەریتی جیاجیا هەن، هەڵبەت دەشێت زانکۆیەک هێندە گەورە بێت کە ئەم نەریتە جیاجیایانە لە بەشە جیاجیاکانی خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام نەریتەکان خۆیان جیاوازن لە یەکتر. کەسەکان بەپێی ئەوەی دەیانەوێت چی بخوێنن و کام مامۆستاش کامە وانەیان پێ بڵێتەوە، دەچنە **بەش**ەکان و لە قاڵبی ئەو فەزایەدایە کە فەلسەفە پێناسەدەکرێت (نەک هەر ئەوەی ئەو مامۆستایە چی وانەیەک دەڵێتەوە بەڵکو ئەوە گرنگە چۆن و لە چ گۆشەیەکیشەوە وانەدەڵێتەوە).

پێشوەخت فەلسەفەت نیە، لەڕاستیدا پاش چوونە ناوەوەت بۆ یەکێک لەم فەزایانە دەتوانیت پێناسەی فەلسەفە بکەیت. دیارە ئەمە بە مانای ڕێژەگەرایی و ژێستی پۆستمۆدێرنانە نیە، بەڵکو هەرکەس بەپێی نەریتی خۆی و بەپێی ئەو بەشەی باخەکە کە شارەزایەتی، دەتوانێت پێمان بڵێت فەلسەفە چیە و دەتوانێت بانگەشەی ئەوەش بکات ئەوانیتر بۆخۆیان قسەدەکەن و بەشەکانی تری باخەکە قسەی قۆڕە و هتد. هەڵبەت کەسێک کە بەم باخەدا پیاسەدەکات دەتوانێت بڕواتە لایەکانی تری باخەکە و بزانێت ئەو حەقیقەتەی ئەو بڕوای پێیەتی، لەو لای تری باخەکەش هەیە یان نا، یان بزانێت چۆنچۆنییە. بۆنمونە، ڕەنگە من هیگڵی بم، بچمە کۆنفرانسی فەلسەفەی شیکارییەوە یان کۆلێژێکەوە کە وانەی فەلسەفەی شیکاریی تیا دەڵێنەوە بۆ ئەوەی هەستدەکەم دەتوانم هەندێک بەشی تێهەڵکێش بکەم بە بەرنامەکەی خۆم و تەنانەت بیشیگۆڕم.

شتەکە بەو جۆرە نیە وەکو گەشتیارێک یان کەسێک وام کە بۆ کەیف و ڕابواردن بە باخەکەدا دەسوڕێمەوە- مرۆڤی گەشتیار و گەڕۆک یان کەیفپەرست هەر «لە باخیشدا نیە». مرۆڤێک لە باخدایە، کە ئامادەبوونی لەناو باخەکەدا هەمیشە بەستراوەتەوە بە نەریتێکەوە و ئەم نەریتەش وەک حەقیقەت قبوڵدەکات و نەک وەک ئارایشت یان پۆشاک کە بۆنمونە دەڕۆمە ئەولاتر پۆشاکەکەم دەگۆڕم و دەچمە سەر شێوەیەکی تر. هەتا گەر بێتو بشگۆڕێت ئەوا وەک دیوێکی کەرنەڤاڵەکەیە، واتە گەر لە هەندێک ساتدا چەند پارچەیەکی جلەکانم بگۆڕم و چی ڕوودەدات، خۆی جۆرێکە لە ئەزموون. گریمانەکە لەسەر ئەوە نیە کە من

شوناسم نیە، حەقیقەتێکم نیە بۆیە ئیتر دەتوانم هەرچۆنێ بمەوێت بەو جۆرە دەرکەوم. دەربارەی وەڵامی شیمانەیی ئەم پرسیارە کە چی بخوێنمەوە-بەپێی ئەوەی وتم- **هەموو شتێ بخوێنەوە**، لە کوێوە دەست پێ بکەم، **لە هەرکوێوە حەزدەکەیت دەستپێبکە**. ئەزموون پێم دەڵێت، ئەگەر ڕێژەیەک لە زمانێکی تر فێرببیت باشترە. بە مانایەک لە ماناکان، تا هەتاهەتایە بەم باخەدا دەسوڕێیتەوە، وا نەزانی دەگەیتە جێیەک، دەرگایەکی دیاریکراوی چوونەژوورەوەی نیە، دەرگای دەرچوونیشی هەر نیە. ئامادەبوون لەم باخەدا و ئاوەڵابوونی فەلسەفە بەو واتایە دێت ئێوە خۆتان درووستدەکەن، هەندێ بەشی ئەم باخەش هەر درووستدەکەن. ئەو جێیەی تێی دەچم، خودی باخەکەشی لەگەڵدا درووستدەبێت. باخەکە لە دەرەوە نیە، جووڵەکەی من دەتوانێت ئەم باخە بگۆڕێت هەروەکو مەلەکردن. بۆیە هەمووشت بخوێننەوە، مادام فەلسەفە تێڕامانی ڕەخنەییە دەربارەی هەمووشت و هەمووکەس، بۆیە جیا لە کتێبە فەلسەفییەکان، هەریەکە لە مێژوو و ڕۆمان و تیۆلۆژیا و ماتماتیک و هتد...یش هەر بخوێننەوە. ئیدی لە هەر کەشێکدا بێت، لە کۆڕی هاوڕێیاندا بێت یان تەنانەت ناو پاسیش. هەندێجاریش کە کتێبتان نیە، بیرکردنەوەی ئەبستراکت و چەمکییانە ئەنجامبدەن. هەندێک لە گەمە فەلسەفییەکان کەوتووەتە دەرەوەی دەقی کتێبەکەوە و دەکرێت بە تێڕامان لە پەیوەندییەک و ڕووبەڕووبونەوەی سادە، بیخەیتە بەردەم پرسیار. ئێوە لە بنچینەی ئەم شیکردنەوەیەدا، لە ئێستاییبوونی مێژوویی خۆتان ڕادەمێنن [و فەلسەفە بۆ ساتێک بەرجەستە و کۆنکرێتی دەکەنەوە]. بەشێک لە پرسەکەش

ئەوەیە کە بتوانیت پەیوەندی لەنێوان چەمکە گشتی و ئاڵۆزەکان و پرسە سادە و ڕۆژانەییەکاندا درووستکەیت و یاری بە چەمکەکان بکەیت. دەتوانین بڵێین، فەلسەفە جۆرێکە لە خەریکبوونی فیکر و بیرکردنەوە بە خۆیەوە و گەر فرۆیدییانەش سەیری بکەین هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە زۆر چێژبەخشە. بۆیە دەسپێکی شیاو بۆ فەلسەفە، بۆ هەرکەسێک بەستراوەتەوە بە تایبەتمەندییە شەخسییەکانی و زەوق و بوێری و وزەی ئەو کەسەوە. دەبێت گەمەبکات و گەڕ بەم گەمەیە بکات و مومارەسە و درێژەدانی هەبێت لەم یارییەدا. بە حوکمی ئەوەی هەندێک لە یارییەکان دەستەجەمعیین، ئەوا تەشقەڵە و تەنگپێهەڵچنین و تاسە و لەزەتەکە توندتردەکەنەوە. بۆیە ئەم کەسە زیاتر بەردەوامدەبێت و پتر دەچێتە نێو یارییەکەوە و پتریش پێ دەخاتە ناو باخەکەوە، لەوانەش سیاسەت. بۆ جیلی من، سیاسەت ئەم ڕۆڵەی هەبوو، هەموویان سەریاندەخستە سەری و لە هەناوی ئەم گەمەیەدا کە دەستەجەمعی بوو و دەمەتەقێ و دانیشتن و کۆنفرانس و هزری گۆڕینی جیهان و هتدی تیابوو، ڕێی پێ دەدایان درێژە بەم یارییە تیۆرییە بدەین و بە درێژەپێدانیشی پتر بچیتە ناو باخەکەوە. زۆرجار سیاسەت ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت لە پەیوەندییەکەیدا بە فەلسەفەوە، بەڵام زۆر بابەتی تریش دەتوانن ئەمە بکەن. ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەیە چ نەوەیەک لە چ سەردەمێکدا و بە چی گەمەیەکدا هەڵدەشاخێت. ئێوە دەتوانن سەربخەنە سەر موزیک، شانۆ، سەما یان هەر شتێکی تر. هەرشتێک کە تۆزێک یارییەکە کۆمەڵایەتیدەکاتەوە. هەڵبەت دەتوانیت مرۆڤێکیش بیت کە بەتەواوی لە تەنیایی خۆتاندا یارییەکە بکەن.

ئەمەیان هەوەسی خۆتانە. بەڵام گەر هەستیشدەکەن خەریکن ماندوودەبن و تاقەتتان نامێنێت، دەتوانن گەمەیەکی دەستەجەمعی هەڵبژێرن کە ئەوانیتر تۆزێکیش بێت بە جدی وەریبگرن. چونکە ئێوەش بەهۆی جدیبوونەکەی ئەوانەوە بەناچاری ڕووگیردەبن و بەجدیگرتنی یارییەکەش ئێوە بەرەو مومارەسە و فێربوونی زیاتر دەبات.